# دوا فانتازیا

نووسینی:موئەیەد مەحمود(کاردۆ)
kardo_van@yahoo.ca

شاعیر تەنها کەسە کە جێ پەنجەی بە شیعرەکەیەوە دیارە،ڕۆمان نووس و چیرۆك نووس و نیگارکێشیش بە تەنها بەرهەمەکانیان ئەخوڵقێنن.ئەگەرچی دەرهێنەری سینەمایی بە تەنها ناتوانێت فلیمێك بخوڵقێنێت،بەڵام ئەوە دەرهێنەرە کە لە کۆمەڵێك ڕەگەزی جیاو لە توانایی کۆمەڵێك پسپۆڕی چەند بوارێکی جیاواز فلیمێك بە ڕوناکی ئاشنا ئەکات.تا ئێستا نەتوانراوە لە چوار چێوەیەکی دیاریکراودا پێناسەو وەزیفەکانی دەرهێنەر حەسر بکرێت،چونکە بەدەر لەوەی کە کاری دەرهێنان کارێکی ئاڵۆزە ،وەزیفەکانی دەرهێنەریش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازیان هەیە.لە هۆلیود کە سینەما بووە بە پیشەسازی کۆمەڵێك دەزگای تا ڕادەیەك ئازاد بەشداری لە خوڵقاندنی هەر فلیمێك ئەکەن وەکو دەزگاکانی دەنگ و ڕوناکی و وێنە گرتن و ماکیاژ و مۆنتاژ و...هتد.دەرهێنەر لێرەدا زۆر بە کەمی دەتوانێت دەخاڵەت لە کاروباری ئەو دەزگایانە بکات.بێگومان دەتوانێت سەرنج و داواکارییەکانی خۆی بخاتە بەردەم ئەو دەزگایانە ،بەڵام بەڕێوبەری هەر دەزگایەك لەو دەزگایانە بەرپرسیارو خاوەنی بڕیاری یەکەمە لە دەست نیشان کردنی ئەو میتۆدانەی کە کارو باری ئەو دەزگایانە بە ئەنجام ئەگەیەنن.لەو شوێنانەی کە سینەما نەبۆتە پیشەسازی دەرهێنەر کۆنترۆڵی تەواوی بەرهەم هێنانی فلیمێك ئەکات،دیمەن بە دیمەن و گرتە بە گرتە فلیمەکە جێ پەنجەی دەرهێنەری پێوە دیارە.ڕاستە لەم شوێنانەشدا ئەو دەزگایانەی کە باسمان کرد بوونی هەیە،بەڵام نە بە هەمان قەبارەیەو نە هەمان دەسەڵاتیشیان هەیە،بەڵکو وەکو دەزگایەکی جێ بە جێ کەر لە ژێر ڕوناکی داواکاری و سەرنجەکانی دەرهێنەردا کارەکانیان ئەنجام دەدەن.بێگومان لە دایك بوونی کۆمپیوتەر دەورێکی باشی بینی لە کەم کردنەوەی دەسەڵاتەکانی دەرهێنەر،پرسیارێك کە دڵنیام لە مێشکی زۆرێك لە ڕەخنە گران و سینەمادۆستاندا دەخولێتەوە ئەوەیە ،ئایا کۆمپیوتەر دەتوانێت بۆ یەکجاری گۆڕ بۆ دەرهێنەر لێ بدات و سێ سەدو شەست پلە پێناسەی دەرهێنەر بگۆڕێت؟ئەوەی گرنگی بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەدات ئەو زنجیرە فلیمە کارتۆنییەیە کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا هۆلیود بەرهەمی هێناون،بەڵام لە هەمووی گرنگترو سەرنج ڕاکێشەرتریان فلیمێکی درامییەبە ناوی( دوا فانتازیا) کە ساکاجۆشی نووسیویەتی و دەری هێناوە.ئەم فلیمە لە ئەسڵدا یارییەکی ڤیدیۆیی منداڵانەو هەمان کەس دروستی کردووە دواتر کردوویەتی بە فلیمێکی سینەمایی.ئەم فلیمە بە هەموو پێوانەکان فلیمێکی کۆمپیوتەرییە،ئەکتەرەکان کۆمپیوتەر درووستی کردوون ،جگە لە دەنگەکانیان کە دەنگی کۆمەڵك ئەکتەرە.ئەم فلیمە نە وێنەگری هەیەو نە مۆنتێری سینەمایی و نە ماکییێر.هەموو ئەو دەزگایانەی کە لە سەرەوە باسمان کردبوون لە چەند کەسێکدا خۆیان دەبیننەوە کە لەسەر مێزی کۆمپیوتەر دانیشتوون ئەمە ئەگەر تەنها یەك کەس ئەو کارە ئەجام

نەدات.دەرهێنەر لێرەدا ئەو کەسە نییە کە لە ستۆدیۆ یان لە شوێنی وێنە گرتندا لە هەوڵی لێکگرێدان وهاوئاهەنگ کردنی کۆمەڵێك ڕەگەزە بۆ گرتنی هەر دیمەنێك بەڵکو ئەو تەنها پشت بە خەیاڵ و بە تواناییەکانی خۆی دەبەستێت.هەر کەسێکیش شارەزاییەکی باشی لە بواری کۆمپیوتەردا نەبێت ناتوانێت ببێت بە دەرهێنەری فلیمێکی لەم چەشنە.ئەوەی کە شانس بەم جۆرە فلیمە دەدات کە خۆی بەسەر مەیدانی سینەمادا بسەپێنێت ئەوەیە کە توانای ئەوەی هەیە هەموو جۆرە ئەکتەرێك بخوڵقێنێت وە بە تواناییەکی ڕادە لەبەر.ئەو ئەکتەرانە دەتوانن سەختترین ڕۆڵ ببینن و خۆشیان لە قەرەی هەموو بابەتێك بدەن بێ ئەوەی لەبەردەم قانون و کۆمەڵگا تووشی کێشە بن.هەروەها ڕوناکی دەتوانێت باشترین سەهمی لە سەرکەوتنی فلیمەکەدا هەبێت و ئەو وێنەیەی کە دەشخوڵقێت باشترین کامیرای سینەمایی و بە تواناترین وێنەگر ناتوانن بیخوڵقێنن.تا ئێستا جگە لەو بودجە زۆرەی کە ئەو جۆرە فلیمانە دەیخوازن هیچ ڕێگرییەکی تر بۆ پێش گرتن پێیان نییە.گەشەکردنی بە پەلەی زانستی کۆمپیوتەریش زەمینە بۆ کەم کردنەوەی بوودجەی ئەم فلیمانە خۆش دەکات.دڵنیام ئەم جۆرە فلیمانە ناتوانن کامیراکان بە زبڵدانی مێژوو بسپێرن و هونەرمەندانی بواری سینەماش خانە نشین بکەن، بەڵام لە دوو دەیەی داهاتوودا ئەم فلیمانە وەك ڕەوتێکی سینەمایی زۆر چالاك خۆیان ئەنوێنن.

2005-7-10